www.kurdistannet.org
27-1-2003 2:17

# گێچەڵی تورك و تێبینیەكانی هیمداد ڕەنجەرۆ

## كاوە ئەمین

لە ماڵپەری كوردستانی ئیمرۆدا، بەڕێزێك بەناوی هیمداد ڕەنجەرۆ، لەجوابی كورتە وتارێكی مندا كۆمەڵێك سەرنجی بڵاوكردۆتەوە، گوایە بەقەولی خۆی تێبینین، بەڵام كەدەچیتە ناو كرۆكی باسەكە، بەشێوەیەكی حیزبیانە بۆ چوونەكانی خۆی ڕیزدەكات و كۆمەڵێك پرسیاری ئاراستەی من كردووە و داوای وەڵامیش دەكات. هەرچەندە لەدڵەوە دەڵێم كە من خوازیاری موناقەشەیەكی لەم جۆرەنیم، بەڵام دیاسنیش بەناچاریی و لەسەرداوای كاك هیمداد هەندێك ڕونكردنەوە لەسەر نووسینەكەی ئەو دەنووسم چوونكە پێ دەچێت لە قسەكانی من بەهەڵە تێگەیشتبێت، یانیش مەبەستێكی تایبەتی هەبێت و ویستبێتی دەرگا لەسەر باسێك بكاتەوە و بۆ هەڵێك گەڕابێت.

یەكێك لەگرفتەكانی پارتیە كوردیەكان بە (پكك) ی جاران و (كادەك) ی ئێستاشەوە خۆبەخاوەن زانینی هەموو شتێك و ڕەتكردنەوەی بەرانبەرە، بەتایبەتی كاتێك كەخۆیان دەكەن بە ئافرێنەری هەموو شتێك كەخۆیان پێیان باشە.

بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی كوردی نەک لەگەڵ دروستبوونی (پكك) دەستی پێ نەكردووە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیریاری كورد ئەحمەدی خانی، هەڵبەت ئەگەر نەچێتە خانەی دەستەواژەی داتاشراو و ناقۆڵای " ناسیۆنالیسزمی پریمەتیڤ" كە كاك هیمداد و خەڵكانی وەكو وی، كردویانەتە بنێشتە خۆشەی دەمیان. بەڵێ خانی ئەو كاتە بانگاشەی ئەوەی دەكرد كە با كورد یەكبگرن و پاشایەكی كورد بۆ خۆیان بدۆزنەوە تا "عەرەب و تورك و عەجەم" ببنە كارەكەر و نۆكەریان. چ ئەو كاتەوە چ ئێستاش بەداخەوە دەبێت بڵێم كورد بە پێچەوانەی داوەكەی خانی دەمەشن. پاشان سەركردە كلاسیكیەكانی كورد هەموویان باسی دەوڵەتی كوردیان كردووە، خەباتیان بۆ كردووە، جا لە شێخ عبدوللەی نەهریەوە بیگرە تا بنەماڵەی بەدرخانی و بارزانی و شێخ مەحمود و قازیی محەمەد و گەلێكی تریش. پارتی وەك (خۆیبوون) لە پرۆگرامی خۆیدا ئاوا باسی سەربەخۆیی كوردستانی كردووە ساڵی ١٩٢٧ " مەبەستی كۆمەڵەكە لە كۆت و زنجیری توركیا ڕزگاركردنی كورد وكوردستان و لە چوارچێوەی سنووری خۆرسك و نەتەوەكیی كورددا دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆیە".[1] پاشان كۆمەڵی هیواو، ژێ كاف و كاژیك و پاسۆك و پكك و هی تر درێژەیان بەو كاروانەدا. چەند جارێك بیستوومە كە دەڵێن جارێكیان چەند لایەنگرێكی لاو و ولاتپارێزی سەر بە (پكك) لەگەڵ شەهیدی نەمر (موسا عەنتەر) دەكەونە موناقەشەوەو دەڵێن ئێمە واتە (پكك) لەسفرەوە دەستمان بە هەمووشتێك كردووە، ئاپێ موسای نەمریش دەڵێت، كوڕەكانم ئاخر ئێمەش تا سفرمان هێنا. دیارە ئەم هەویرە ئاو زۆردەكێشێت، بالێرەدا ئەوەندە بەسبێت.

وابزانم هیچ مرۆڤێكی خاوەن هزرو ویژدان نیە كە ڕۆڵی پارتی كرێكارانی كوردستان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی كورددا بە كەم بگرێت، بەندەش یەكێكە بووە لەوانە و ئێستاش سوورم لەسەر قسەكانی پێشووم كە كردوومە بۆ پشتیوانی لە (پكك) ، دیارە كاك هیمداد لەخۆرا تفەنگ بەتاریكیەوە دەنێت. بەڵێ كاك هیمداد من كاتێك كە (پكك) داوای سەربەخۆیی دەكرد من یەكێك بووم لەوانەی كە پشتیوانیم لێدەكردن، گەلێگ جاریش تووشی كێشە هاتووم لەسەر ئەو مەسەلەیە. بەڵام حیزبایەتیم نەكردووە و نایشی كەم، چوونكە دەمەوێت ئازادانە بیربكەمەوە، بەڵام دڵنیابە كاك هیمداد من هیچ كاتێك خۆم بەبێ لایەن نەزانیوە و ناشزانم، بەڵكو لەهەرشوێنێك بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی كورد سەرهەڵبدات من پشتیوانی دەكەم، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پشتیوانیم لە (پكك) دەكرد.

كاك هیمداد لەخۆرا دەیەوێت پەلكێشی دەمەقاڵەیەكم بكات كە هیچ لەبەرژەوەندی بیروبۆچوونەكانی ئەو منیش نیە. لەڕاستیدا ئەوەی كە كاك هیمداد نووسیویەتی هیچ پەیوەندیەكی بە باسەكەی منەوە نیە، بەڵكو كورد وتەنی " ئاشەوان لەخەیالێك و بارش هاریش لەخەیالێك". كاك هیمداد كەباسی دەوڵەتی كوردی دەكەم بە پێویستی

---

[1] ڕۆهات ئالەكۆم، ٢٠٠٠ : خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری.(شوكور مستەفا كردوویە بەكوردی) ل ١٢٨



www.kurdistannet.org

نازانم باسی (پکک) بهێنمه گۆڕێ، چوونکه وەک وتم لەکاتی خۆیدا کە (پکک) باسی دەوڵەتی کوردی دەکرد من لەو شتانەی تۆ زۆر زیاتریش شتم وتووە و نووسیووە بۆ پشتیوانی لە (پکک) ، بەڵام وەکو کوردێکی نەتەوەیی نەک وەک حیزبیەک. پاشان برای ئازیزم، خۆ بەو مانایە نیە کە (پکک) داوای سەربەخۆی کردووە ئیتر نابێت و گوناحە خەڵکی تر و پارتی تر باسی سەربەخۆیی بکەن، یانیش دروشمەکانیان بگۆرن لە ئۆتۆنۆمیەوە بۆ فیدارلیزم، من پێم وایە دەبوایە (پکک) شانازی بکات بەوەی کە توانیوویەتی کاریگەری لەسەر پارچەکانی تری کوردستان دابنێن، نەک بە پێچەوانەوە، وەک کاک هیمداد تێیگەیشتووە.
کاک هیمداد دەڵێت کە " ئەو لایەنانە کە نازانم مەبەستی کێیە (پێم وایە بە پارتی و یەکیەتی دەڵێت) ، نەبوون کە ئاڵای کورستانیان لەسەر تانکەکانی ئێران، تورکیا، عێراق قائیم ئەکرد و کۆیسنجاق و هەولێر و بادینان و حاجی ئۆمەرانیان پێ ئازاد دەکرد، باشە کەواتە کێ جگەلە (پکک) کێ بەجددی بۆ سەربەخۆیی کاری کردووە، ئێوە بۆ دان بەو راستیە نانێن کاک کاوە!؟". [2]
باخوێنەری بەرێز بە خۆیان زەحمەت بکێشن وسەیرێکی ئەو نووسینەی من بکەن بزانن من بە وشیەکیش باسی ئەو پارتانەم کردووە و وتوومە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنن. پاشان کاک هیمداد نابێت هێندە عاتفیانە بیر بکەیتەوە، ئایا بەڵگەت چیە بۆ ئەوەی کە ئەو پارتانە ئاڵای کوردستانیان لەسەر تانک چەقاندووە، تکایە بەڵگەیەک وێنەیەک نیشان بدە، خۆ هەموو شتێک بەدەم نابێت. جارێ لەدەڤەری یەکیەتی تا ئێستاش ئاڵای کوردستان وەکو قەدەغەبێت وایە، کوا لە کوێ ئەوان ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە تا لەسەر تانکی ئەو وڵاتانە هەڵی بدەن. پاشان ئەوە چ پەیووەندیەکی بە نووسینەکەی منەوە هەیە.
پاشان کاک هیمداد لەخۆرا قسە بەدەم منەوە دەکات و دەڵێت: کاک کاوە ترس و گومانی خۆی لە دیموکراتی کردنی وڵاتانی وەک ئێران، تورکی، عێراق و سوریا نیشان دەدات. جارێ من ئەو وڵاتانە بەداگیرکەری کوردستان دەزانم و هەروەک (پکک) ش لەدەیان وتار و گفتاری خۆیدا بە داگیرکەر ناوی بردوون، دیارە کاک هیمداد بە بای دیموکراتی سەرخۆش بووە و وشەی داگیرکەرو شتی وای لەبیر نەماوە. جا کاکی برا خۆ وەنەبێت من بەر دەمی شنەی دیموکراتی ئەو وڵاتانەم گرتبێت. دیموکراتی کراسێکی ئاودامان نیە لەبەری کەمالیزم و بەعسیزم و شیعیزمی هەڵکێشین و ئاو بێنە و دەستان بشۆ. من ئاوا لەدیموکراتی گەیشتووم کاک هیمداد، ئەوەی کەمن و تۆ گفتوگۆیەکی شارستانیانە بکەین بەبێ ئەوەی پەلاماری چەک و چەقۆ بدەین. ئەوەی کە گەلی کوردیش یەکسان بێت لەگەڵ ئەو گەلانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، واتە لەجیاتی کۆمارێکی تورکی دیموکراتی با کۆمارێکی کوردستانی و تورکی دیموکراتی بنیات بنرێت. لەجیاتی ئەوەی کە تەنها ئاڵای تورک بشەکێتەوە، بائاڵای کوردستانیش لەپاڵیابێت و بشەکێتەوە. بە کورتی بە کورمانجی ئەوەی کە (پکک) دەیان ساڵ خەباتی بۆ کرد و هەزاران شەهیدی بۆ دا.
ئەگەر جارێکی تر کاک هیمداد وتارەکەی من بخوێنێتەوە بەڵام بە لەسەرخۆیی و وانەزانێت کەمن ئاڵای شەرم هەڵکردووە و خۆم کردۆتە دۆنکیشۆت، ئەوا دەزانێت من چیم وتووە و ئەو لە خۆرا گێچەڵم پێدەکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە من لەویادا وتوومە با کورد خۆی لەشەڕ لابدات چوونکە باقازانجی کورد نیە. من دەڵێم ئەگەر دەرگاکان داخران و هیچ رێگایەکی تریان جگە لەشەڕ بۆ کورد نەهێشتەوە، ئەوا دەبێت شەڕ بۆ سەربەخۆیی و دەڵەتی کوردی بێت. من نەک نامەوێت تەرمی لاوانی نیشتمان پەروەری کورد ببینم و تەماشایان بکەم، بەڵکو نامەوێت تەرمی (جاشی کوردیش) ببینم بە کوژراوی. کاک هیمداد بەنارەوایانە هێرش دەکات، دڵنیام خۆشی نازانێت چ دەسەتە گولێکی بەئاودا داوە. خۆمن هەر هیچم نەکردبێت کاک هیمداد، لەژیانمدا خزمەتی دوژمنم نەکردووە و هەمیشە دوژمنی شەری کورد کوژیی بووم. پاشان خۆ جەنابتان ناسنامەی کوردایەتی و سۆسیالیزم و دیموکراتی نابەخشنەوە بەسەر خەڵکدا و هەچی وەکو تۆ بیری نەکردەوە لەخۆرا مۆرکی جۆراوجۆری لەناوچاوان بدەیت. بەڵی کاک هیمداد من ئێستاش لەسەر قسەکەی خۆم سورم، بەکوشتدانی منداڵی کورد بۆ دیموکراتی کردنی داگیرکەران نەک بە کارێکی باش و رەوای نازانم بەڵکو تاوانێکە پاک بوونەوەی نییە. بەڵێ کاک هیمداد من ئامادەم

[2] هیمداد رەنجەرۆ، ٢٠٠٣/١/٢٤ ، ماڵپەری کوردستانی ئیمرۆ.

لەشەڕێکدا بەشداری بکەم کە بۆ وەک هەقی و یەکسانی و ئازادی و دەرکردنی بێگانە لەکوردستاندا بێت، نەک پێچەوانەکەی. پاشان کاکی برا من وەکو کوردێک ئەگەرچی هەموو شتەکانی ئێستای (کادەک) ناپەژرێنم، بەڵام لەگەڵ خەباتی سڤیل و لیگاڵ وسیاسیدا بووم و هەم، من دەڵێم یان شەڕ نەکرێت یان کە کرا بۆ دیموکراتی بونی داگیرکەر نەبێت، چوونکە هەروەک جەنابیشت باست کردووە، دەیان ساڵە لە باشوور و ڕۆژهەڵات خەبات بۆ دیموکراتی ئەو وڵاتانە دەکرێت، لێ وەک میزی حوشتر هەر بۆ دواوە دەچننەوە، واتە بەرەو دیکتاتۆری.
کاک هیمداد دەڵێت کە دەوڵەتێکی کوردی جوابی داخوزیەکان ناداتەوە، تیوری ٢٤ دەوڵەتی عەرەب دەهێنێتەوە کە گوایە ئازادنین. من تەنها قسەکەی ئیسماعیل بێشکچی دوبارە دەکەمەوە کە دەڵێت: خراپترین دەسەڵاتی کوردی لە چاکترین دەسەڵاتی داگیرکەر چاکترە. پاشان کاک هیمداد بۆ چەند ساڵ لەمەوبەر هەلومەرج لەباربوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کەچی هەنووکە لەبارنیە. چی گۆراوە، دنیا یان کورد. یەکیەتی نەتەوەیی و کوردایەتی ماڵی هیچ ڕێکخراوێک و تاکێکی کورد نیە، بەڵکو هەموو کوردێکی وڵاتپارێز بۆی هەیە سودیان لێوەرگرێت بۆ ئازادی.
دەمەوێت کۆتای ئەم باسە بۆ یەکجارەکی لەلای خۆمەوە بە چەند قسەیەکی بەڕێز عەبدوللە ئۆجەلان کۆتایی پێبهێنم کە لەساڵی ١٩٨٣ دا لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی پرسی کەسایەتی نووسیویەتی، چونکە پێم وایە تورکیا هەر هەمان تورکیای ئەو سەردەمەیە: " ئیمرۆ لێرەدا نکۆلی لە نیشتمانێکی وەها دەکرێت و ڕاستی و حەقیقەتی بوونی نیشتمانێک بەناوی کوردستان ڕەت دەکرێتەوە لەژێر سایەی فشارە ئیمپریالیستیە سەختەکان کە ووڵات دووچاری دەبێت و بەتایبەتی لەئێستادا. ئیمپریالستی تورکی میلیتاریستی فاشیستی کە سەخترین بە کرێگیراوەکانی ئیمپریالیزمی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکاش کە کۆنەپەرسترین هێزو ناحەزترینیانە لە ناو سیستەمی ئیمپریالیستیدا، ڕژێمی تورکیا لەمیانەی شێوەکانی قەڵاچۆکردنی بربەریانە کەلەمێژووی خۆیەوە بۆی ماوەتەوە و لەو دەرسانەی کەلە ئەزمونەکانی شۆڕشی چەواشەدا وەریگرتوون، کەلەلای ئیمپریالیزم لەسەر ئاستی جیهان کەڵەکە بوونە، وە لە ڕێگای سیاسەتی ئیمپریالیستانەی کە لە کوردستاندا پەیرەوی لێدەکات، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی بەدنیای بسەلمێنێ کە وەها نیشتمانێک>> کوردستان<< هیچ بوونێکی نییە".[3]
بەڕاست ئەم قسانە ئێستاش هەر پڕ بەبێستی تورکیا نیین؟، ئایا ئێستاش تورک هەرنکۆلی لە کوردستان و وڵاتی کوردان ناکەن؟ جا کاک هیمداد نارەحەت مەبە ئەگەر وەک مامۆستا پەشێو دەڵێت بڵێم: ئەو گەلەی کیانی نەبێت کەرامەتیشی نییە، حاشا حازریش ناکەم چوونکە مێژوو ئەوەی بۆ سەلماندوین.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

[3] عبدوللە ئۆجالان، ١٩٨٣: پرسی کەسایەتی لەکوردستاناد، وەگێرانی مەهاباد کوردی.